# ئازادی یا ڕێگای درۆ ! ـــ

شێروان بێ دڵ

ئەی بێدلی بەد چیهرە
دەیانەوێ نەمانت
نانی نامەردی نەخۆی
نەفرۆشی کوردوستانت
گەر لە برسا بمری و
گەر جیرەی بێ ددانت
پێنووس نەفرۆشی بۆنان
نەبی یە داردەستی دزان
بەرگری بکە لە خاك
بە گیان بە کردەوەی چاك
پشتی گەندەڵی مەگرە
نەکەویە ناو داویان
لە ڕێی ڕاستی لامەدەو
ببە چقلی چاوویان
نەبی یە خۆفرۆش و ناپاك
بەرگری بکە لە خاك
ببە کاوەی ئاسنگەر
مل کەچ نەکەی بۆ زوحاك
چڵکی دەستە سامانیان
بۆتە پارە ژیانیان
گەلیش ڕووت و برسی یە و
ناشکێنی فەرمانیان
تا دوێنێ بەعس دەهات
ژینی لێ تاڵ دەکردی

لەناو پێخەفی ماڵا
دایکی نەخۆشی بردی
چەند کوردی خائین خۆفرۆش
هەڕەشەیان لێکردی
خزم دەیان شاردیەوە
نەوەك ئەتۆش دەمردی
دەنگی پێشمەرگەی ئازا
دەژیا لە گیانت
خاك و خۆڵی نیشتیمان
ببوە پارەو سامانت
وەکو شێرێ ڕاوەستای
بەرامبەر ستەم گەری
دایکت لە زیندانا بوو
تفت کردە نۆکەری
ئێستاش هەرهەمان شێوە
لە ئازادی دەگەڕێی
دڵت یەکجار پەشێوە
دەستی ستەم زۆرداری
پێتی چەشت نا لەباری
دەنگی گەلت دەر بڕە
دووری لە شەرمەزاری
دەبێ ڕۆژێ ببێنم
ووڵاتم سەربەخۆیە
نەڵێم دوژمن برامەو
گوێ نەگرم لەو درۆیە
(( بڵێن بەو دزە کەرە*

کەوا حەزی لە شەڕە
شیعری منی دزیوە و
حەقی منی لەسەرە
چ دزێ هەیە بڵێ
ڕاستە دزیم کردوە
لە ڕاستی گوێ ناگرێ
بەخوا دڵت مردوە !
بەڵێ ڕێزیان لێناوی
دزی بەکرێگیراوی
بۆیە هەڕەشە دەکەی
چوونکە گەلێ ناپیاوی !
تۆش فێرە زۆرداری بووی
تۆش فێرە دارکاری بووی
بڕۆ ئەی دزی نامەرد
گەر تۆزێ لێم حاڵی بووی
نەتزانی ڕۆژێ دادێ
دزیت ئاشکرا دەبێ
ئەو کردەوەی کە دەیکەی
لای خەڵکیش ڕیسوا دەبێ ))